# ئەمین مەعلوف:
# شارستانییەتی ڕۆژئاوا لە داخستنێکی گەورەدایەو لەسەریەتی بگۆڕدرێ



**و: هەورامان وریا قانع**

سەرلەنوێ "ئەمین مەعلوف" ڕۆمان دەخاتە لاوەو وەک هاوڵاتییەکی ئەم جیهانە لەسەر خەمەکانی دەنووسێت، خاوەنی ڕۆمانی (بەردی تانیۆس) لەنێوان ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوادا ڕادەوەستێت، ڕۆژهەڵاتێکی شەکەتو ڕۆژئاوایەک کە گەشتووەتە هەموو ئامانجەکانیو چیتر توانای وەرگرتنی ئامانجی دیکەی نییە. "ئەمین مەعلوف" لەو نێوانەدا ڕاوەستاوەو نەهامەتییەکانی ئێرەو خەوشەکانی ئەوێ باسدەکاتو لەهەوڵی ئەگەری دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاودایە. (ناتەواوییەکانی جیهان- خلل العالم) هاواری توڕەبوونێکی گەورەو تیژە، کە لە میانەیەوە "ئەمین مەعلوف" دەیەوێت هەمووان ئاگاداربکاتەوە لەوەی (کەشتییەکە

خەریکە نوقوم دەبێت، وەلێ هێشتا تۆزقاڵێک هیوا ماوە، بۆیە پێش ئەوەی کار لەکاربترازێت پێویستە دەرک بە مەسەلەکان بکرێت).

ئەمەی خوارەوە چاوپێکەوتنێکە ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط) لە پاریس لەگەڵ "ئەمین مەعلوف"دا ئەنجامیداوە، تێدا باس لە کتێبە تازەکەی (ناتەواوییەکانی جیهان- خلل العالم)و باس لە زیادبوونی دڵەڕاوکێی خۆی دەکات سەبارەت بەوەی لە جیهانی عەرەبیدا ڕوودەدات. ئەوەی لە کتێبی (ناتەواوییەکانی جیهان) دا تازەیەو لە دەزگای (گراسییە) بڵاوبووەتەوە ئەوەیە "ئەمین مەعلوف" بەدوورو درێژی لەسەر هۆکارەکانی هەرەسهێنانی دارایی‌و شارستانیەت‌و ڕۆشنبیری‌و ئایدۆلۆژیاو جیۆپۆلەتیک‌و ژینگەو ئاووهەوا رادەوەستێت، ئەم دڵەڕاوکێیە بۆ "ئەمین مەعلوف" شتێکی تازە نییە. ئەو لە بەشی هەرە زۆری کتێبەکانیدا کە بۆ ٣٧ زمان وەرگێردراون سەرقاڵی مەسەلەی ڕزگارکردنی جیهانە، هەروەها مەسەلەی ڕزگارکردنی جیهان بابەتی زیاد لە ١٧ تێزی زانکۆیی بووە. بەتایبەتی لە کتێبەکانی (باخچەکانی ڕووناکی- ١٩٩١)، (سەدەی یەکەم دوای بیاتریس- ١٩٩٢)، (شوناسە کوشندەکان-١٩٩٨). لەکاتێکدا کتێبی (شوناسە کوشندەکان) باس لەو شوناسانە دەکات کە زۆربەیجار لەگەڵ یەکتردا لەململانێدان‌و یەکتر دەکوژن، کەچی پێویستە لەسەریان پێکەوە بە ئاشتی بژین. بەڵام "مەعلوف" لە دوو کتێبەکەی دیکەیدا لەمیانەی دوو کەسی خواپەرست کە بە توندی لە جیهانی دوێنێ دەڕوانن، گوزارشت لە ڕەشبینی خۆی دەکات. ئەمەش هەمان ڕوانینە کە لە کتێبی (ناتەواوییەکانی جیهان)دا دەیبینینەوە.

"ئەمین مەعلوف" لەم کتێبە تازەیەیدا بە شێوەیەکی فراوان قسە لەسەر قەیرانی دارایی‌و هۆکارەکانی دەکات، هەروەها قسە لەسەر ئەوە دەکات کە پێی دەڵێت (تێڕوانینی پەرگیر) کە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە بڵاوبووەتەوە، مەبەست لەوە ئەو تێڕوانینەیە کە دەڵێ پێویستە هەموو ئەو شتانە لاببرێن کە سنور بۆ ئازادی بازاڕ دادەنێت، هەروەها مەبەست لە تێڕوانینی پەرگیر ئەوەیە کە لە ئابووریدا لایەنی کۆمەڵایەتی پشتگوێخراوەو ملکەچی ئەو شتە کراوە پێی دەوترێت (لیبرالیەتی دڕندە). جگە لەوە "مەعلوف" لە کتێبەکەیدا باس لە مەسەلەی تایفەگەری دەکات‌و پێیوایە تایفەگەری هاوڵاتیبوون ڕەتدەکاتەوە، لەم بارەیەوە دەڵێت: (ناکرێ لەسەر ئەو بنەمایە سیستمێکی سیاسی شارستانی بونیاد بنرێت. بونیادنانی سیستمی پشکپشکانێ-نظام حصص- وادەکات نەتەوە ببێتە کۆمەڵە تیرەیەکی ناکۆک بەیەک، ئەوەیە ئێستا لە لوبناندا ڕودەدات).

هەروەها "مەعلوف" لە بەشێکی دیکەی کتێبەکەیدا بە دوورودرێژی لەسەر مەسەلەی کەمە نەتەوەییەکان ڕادەوەستێت. ئەم مەسەلەیە لەلای "مەعلوف" لەگەڵ مەسەلەی دۆزی ئافرەت، دیارترین‌و گرنگترین ئاماژەن بۆ پێشکەوتنی ئەخلاقیی یاخود بۆ پاشەکشە کردن‌و گەڕانەوە بۆ دوواوە.

لێرەدا دەرفەتی ئەوە نییە هەموو ئەو بابەتانە بەسەربکەینەوە کە "مەعلوف" لە کتێبەکەیدا باسی کردوون‌و بە تەواوکەری پرۆژە گەورەکەی دادەنرێت، ئەو پرۆژەیەی لە کتێبی یەکەمییەوە (باخچەکانی ڕووناکی -١٩٩٣) دەستپێدەکات‌و بە (لیۆنی ئەفریقی-١٩٨٦)و (سەمەرقەند-١٩٨٨)دا تێدەپەڕێت. پرۆژەیەک هەوڵی دروستکردنی پردی بەیەکگەیشتنی نێوان ڕۆشنبیری‌و شارستانییەتەکان دەدات. جگە لەوە "مەعلوف" لە پرۆژەکەیدا هەرگیز دەستبەرداری جەنگە سەرەکییەکەی نابێت دژ بە هەموو جۆرەکانی ڕەگەزپەرستی: ڕەنگ، ڕەچەڵەک، ئاین، تایفە، چین.

ئالێرەدا خوێنەر دەپرسێت: ئایا ئێمە لەبەردەم (چاکسازێکی گەردونیی)داین؟ نەخێر، ئێمە لەگەڵ نووسەرێکداین بە شێوەیەک دەنووسێت وەک ئەوەی نووسین جیهان بگۆڕێت: (دەزانم ئەمە تەنها وەهمە، بەڵام وەهمێکی تەندروستە، بەبێ ئەو وەهمە چ نووسینەکانم‌و چ ژیانم هیچ مانایەکیان نابێت).

*دەڵێیت بە هۆی دەرکەوتنی عیملاقە تازەکانی وەک چین‌و هندو بەرازیل، هەیمەنەی ئابوری ڕۆژئاوا درزی تێکەوتووە، ئەمەش بە بڕوای تۆ دەبێتە هۆی ڕوودانی ململانێی تازە لەنێوان ئەوانەی سەروەت‌و سامانیان هەیە لەگەڵ ئەوانەی هەوڵدەدەن ئەو سەروەت‌و سامانەیان هەبێت.

– هەندێ مەسەلەی سەیر لە جیهاندا ڕوودەدات. تا دوێنێ بوو ئەمریکییەکان بە چینییەکانیان دەوت ئێوە لە خەرجکردنی پارەدا بۆ خۆپڕچەککردن زیادەڕەویی دەکەن، هەموو خەڵک دەزانن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زۆر زیاتر لە چین‌و ئەوروپاو سەرجەم وڵاتانی دیکە پارە لە خۆپڕچەککردندا خەرجدەکات! تاکو کەی ئەمریکا دەتوانێت بە وڵاتانی دیکە بڵێت ئێوە لە خەرجکردنی پارە بۆ خۆپڕچەککردن زیاد لە پێویست زیادەڕەویی دەکەن‌و؟ بە چ حەقێک وایان پێدەڵێت؟

چەند شتێک هەیە گۆڕانی بەسەردادێت. ساڵانی ڕابردوو چەندین دەستتێوەردانی سەربازی ئەمریکای بۆ جیهان بەخۆوەبینی، ئەمە مەسەلەیەکی سروشتی نییە. من لەو کەسانە نیم نەیاری ئەمریکان‌و لە دژی دەجەنگن، هەندێجار دەبینم ئەمریکا کۆمەڵێ کاری پۆزەتیڤ ئەنجامدەدات‌و هەندێجاری دیکە کۆمەڵێ کاری نێگەتیڤ ئەنجامدەدەن. کاتێ کارێکی باش دەکەن چەپڵەیان بۆ لێدەدەم، کاتێ هەڵبژاردنێکی وەک ئەوەی ساڵی پار ڕوودەدات چەپڵەلێدەدەم‌و ڕێزی دەگرم‌و ستایشی دەکەم. لە هەمانکاتدا تێبینیدەکەم ئەمریکا هەندێجار هەڵسوکەوتی نابەجێ دەنوێنێت، وەک ئەشکەنجەدان کە شایەنی دەوڵەتێکی وەک ئەمریکا نییە. پاشان ئەوە سروشتیی نییە دەوڵەتێکی وەک ئەمریکا لە دەیان دەوڵەت پێگەی سەربازیی هەیەو سەربازەکانی بۆ زۆرێک لە وڵاتانی دیکە دەنێرێت، کەچی دواتر دێت‌و بەوانیدیکە دەڵێت پێویستە لەسەرتان بودجەی خۆپڕچەککردنەکانتان کەمبکەنەوە! ئەمە کاری خێزانی نێودەوڵەتییە پێکەوە. بۆ ئەوەی خێزانی نێودەوڵەتی بتوانێت بەو ئەرکە هەستێت، پێویستە ئالییەتێکی دیاریکراو بۆ دەستتێوەردانی سەربازیی، گەر پێویست بوو، بدۆزێتەوەو وابکات ئەو مەسەلەیە بە ناوی هەموومانەوە بێت، نەک بەناوی دەوڵەتێک لە دەوڵەتەکانەوە بێت.

*ئەمریکیەکان هەوڵیاندا لە عێراقدا ئەوە بکەن، بەڵام سەرکەوتوونەبوون.

– سەرکەووتونەبوون، یەکەم لەبەر ئەوەی لە عێراقدا وەک دەوڵەتێکی داگیرکەر هەڵسوکەوت دەکەن نەک وەک دەوڵەتێکی ڕزگارکەر، پاشان لێکدانەوەکانی ئەوان هەمان لێکدانەوەکانی جیهان نییە.

*ئەمە دەمانبات بۆ مەسەلەیەکی دیکە کە لە کتێبەکەتدا باست لێوەکردووە، ئەویش ئەمەیە: یەکێک لە مەترسییەکانی قەیرانی دارایی ئەوەیە ئەمریکا باڵادەستی خۆی لە بواری ئابووریدا لەدەستبدات، ئەمە وادەکات ئەمریکا تەرکیزبخاتە سەر باڵادەستی سەربازیی تاکو بەرژەوەندییەکانی بپارێزێت‌و باڵادەستی سەربازیی خۆی لە دژی هەر وڵاتێک بەکاربێنێت گەر هەوڵی ئەوە بدات دەستکاری بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بکات.

– ئەمە مەسەلەیەکە نیگەرانمان دەکات. من هەست دەکەم، لەوانەیە لەم هەستکردنەمدا بەهەڵەداچووبم، چەند ساڵێکە ئەمریکییەکان توانا سەربازییەکانی خۆیان بۆ قەرەبوکردنەوەی لە دەستدانی پێگە ئابوری‌و سیاسی‌و مەعنەوییەکەیان بەکاردەهێنن. ئەمە مەسەلەیەکی ترسناکەو لە هەمانکاتدا هیچ چارەسەرێکی ڕوون‌و ئاشکراش لە گۆڕێدانییە. تەنها چارەسەرێک هەبێت ئەوەیە هێزێکی نێودەوڵەتی هەبێت بتوانێ لە کات‌و ساتی پێویستدا بە ئەرکی سەربازیی هەستێت. ناکرێ دەستتێوەردانی سەربازیی بە تەواوی ڕەتبکرێتەوە، بەڵام ناشکرێت تاقە دەوڵەتێک لە دەوڵەتەکان بە تەنها هەر خۆی بەم دەستتێوەردانە هەستێت.

*ئایا پێت وانییە جیهانی تاک جەمسەر کە لەدوای هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەتەوە هاتۆتەئاراو تاکو ئێستاش باڵادەستە، بەرەو ئەوە دەڕوات گۆڕانی گەورەی بەسەرداببێت، ئەمەش وادەکات لە جیهانێکی تاک جەمسەرەوە ببێت بە جیهانێکی فرە جەمسەر؟

-ئەمە مەسەلەیەکی پێویستە، وەلی تابلێی قورسە. ڕێزێکی زۆرم بۆ سەرۆک "باراک ئۆباما" هەیە، چونکە پێموایە ئەو پیاوێکە خاوەنی بەهاو پرنسیپەو توانایەکی فیکریی گەورەشی هەیە. بەڵام لە هەمانکاتدا ئاسان نییە کەسێک خۆنەویستانە دەستبەرداری پێگەکەی خۆی ببێت، زەحمەتە سەرۆکی دەوڵەتێک بێتو بڵێت من ئامادەم لەپێناو بەرژەوەندی دەوڵەتێک یاخود لەپێناو بەرژەوەندی چەند دەوڵەتێکی دیکەدا، دەستبەرداری بەشێک لە هێزی نێودەوڵەتی خۆمدەبم. سەرۆک، هەر سەرۆکێک بێت، لەبەردەم دەنگدەرانیو لەبەردەم وڵاتەکەیو میللەتەکەیدا بەرپرسیارە، زەحمەتە لەدەرەوەی ئەو شوێنو پێگەیەی کە وڵاتەکەی لە جیهاندا هەیەتی هەڵسوکەوت بکات. لەبەر ئەوە دەڵێم پێویستە میکانیزمێک بۆ حوکمکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بدۆزرێتەوە. دانیپیادەنێم دۆزینەوەی میکانیزمێکی لەو شێوەیە کارێکی زەحمەتە.

* لە کتێبی (کەموکوڕییەکانی جیهان) بەشێوەیەکی فراوان باس لە مەسەلەی شارستانیەت دەکەیت، بەتایبەتی لەو خاڵەدا ڕادەوەستیت کە پێدەوترێت ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان هەردوو شارستانییەتی عەرەبی ئیسلامییو شارستانیەتی ڕۆژئاواو دەڵێی تۆ سەر بە هەردوو شارستانییەتەکەیتو پێکەوە لە هەردووکیان دووردەکەویتەوە، تۆ داوای ئەوە دەکەیت کە پێی دەڵێی (تێپەڕاندنی شارستانییەتەکان -تجاوز الحضارات)و دروستکردنی شارستانییەتێکی هاوبەش، ئایا لەو بڕوایەدایت بارودۆخی جیهان ڕێگە بەم جۆرە هیواو ئاواتە بدات؟

- بارودۆخی جیهان وادەکات بەدیهێنانی ئەم هیواو ئاواتە زەحمەتتر بێت، بەڵام لەهەمانکاتدا پێویستی بەدیهێنانی زیاتردەبێت، لەوبڕوایەدام هەموو شارستانییەتەکانمان گەشتونەتە سنورێکی دیاریکراو، بۆیە بە مانایەک لە ماناکان پێویستە تێپەڕێنرێن. بەو مانایە نا کە ڕەتبکرێنەوە یاخود بشاردرێنەوە، ئەو مێژوو، کولتورو، زمانو، دەستکەوتانەی ئەم شارستانییەتانە پێشکەشیان کردووە، پێویستە بمێننەوەو پارێزگارییان لێبکەینو بیانپارێزین. فیکرەکە ئەوە نییە شارستانییەتەکان ڕەتبکرێنەوەو شتێکی دیکەی نەزانراو بدۆزینەوە تێیدا بزرببین، فیکرەکە ئەوەیە پارێزگاری لە هەموو بنەما مرۆڤایەتییەکان بکەین. وەلی ئەو داخستنەی شارستانیەتی ڕۆژئاوا پێیگەیشتووە زۆر لەو داخستنانەی دیکە زیاترە کە شارستانییەتەکانی دیکە پێیگەیشتوون.

یەکەم شت بە ڕۆژئاواییەکانی دەڵێم ئەمەیە: ئێوە گەر لەو بڕوایەدابن کە دەتوانن کێشەکانی جیهان چارەسەربکەن، ئەوا بەهەڵەداچوون، چونکە ئێوە چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم کێشانە نازانن، لێرەوە ئێوە لە تواناتاندا نییە حوکمی جیهان بکەن، بەڵگەش بۆ ئەوە ئەوەیە ئێوە لە حوکمکردنی عێراقو چارەسەرکردنی کێشەکانیدا شکستانهێنا. بەڵام بە نیسبەت ئەوروپاوە ئەوا ئێمە دانپیادەنێین ئەوروپا هەندێ دەستکەوتی بەدەستهێناوە، وەلێ تاکو ئێستا نەیتوانیوە لە تەنگەی(جبل تاریق) زیاتر تێپەڕێت. پێشکەوتنی ئەوروپا تەنها لە سنوری ئەوروپا خۆیدا مایەوەو نەیتوانی گەر تەنها بە هەنگاوێکیش بێت پەلبهاوێت بۆ دەرەوەی سنوری خۆی. گەر ئەوروپییەکان پێمان بڵێن هۆکاری ئەوە ئەوەیە ئەو وڵاتانەی دەکەونە سنوری (جبل تاریق) وڵاتگەلێکی ئیسلامین، من پێیان دەڵێم: ئایا ڕۆژئاوا لە مەکسیکو لە تەواوی وڵاتانی ئەمریکای لاتیندا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە؟ ئەو وڵاتانە نە وڵاتی عەرببینو نە ئیسلامیین.

کێشەکە ئەوەیە توانای ڕۆژئاوا بۆ بڵاوکردنەوەی شارستانییەتەکەی گەشتووەتە سنوری دیاریکراوی خۆی، جیهان زۆر پشت بە شارستانیەتی ڕۆژئاوا دەبەستێت، بەڵام پێویستە لەسەر شارستانییەتی ڕۆژئاوا لایەنە بەرتەسکە ڕۆژئاواییەکەی تێپەڕێنێت، تاکو ببێتە شارستانییەتێکی نێودەوڵەتیو بتوانێت هەموو ئەو شتانەی دیکە لەخۆبگرێت کە لە

ناوچەکانی دیکەی جیهانەوە دێن.

*تۆ لە کتێبەکەتدا دڵڕەقی بەرامبەر بە عەرەب، بەڵام بەرامبەر بە ڕۆژئاوا دڵڕەقتری. ڕۆژئاوا خۆبەزلزانە، دزێوە، بێبەزەییە، گیرۆدەی مەیلی پاوانخوازییە. گەر تراژیدیای عەرەب بریتیبێت لەوەی عەرەب شوێن و پێگەی خۆیان لەنێوان میللەتانی دیکەدا لەدەستداوەو هەستدەکەن ناتوانن ئەو پێگەیەی خۆیان بەدەستبێننەوە. کەچی لە بەرامبەردا تراژیدیای ڕۆژئاوا بریتییە لەوەی گەشتووەتە ئەوەی ڕۆڵێکی جیهانی بگێڕێت کە هیچ سنورێکی بۆ نییە، بەڵام لەمڕۆدا توانای ئەوەی نییە ئەو ڕۆڵە بگێڕێت، لە هەمانکاتیشدا توانای ئەوەی نییە خۆی لەو ڕۆڵەی ڕزگاربکات.

– ڕۆژئاوا بە درێژایی پێنج سەدە ڕۆڵێکی گەورەی لە مێژووی جیهاندا گێڕاوە. لەمڕۆدا ناتوانێت هەمان ڕۆڵ بگێڕێت. ڕۆژئاواییەکان بۆ ئەوەی ئەو ڕۆڵەی جاران بگێڕن لەسەریانە بگۆڕدرێن، پێویستە ناوەوەی خۆیان بگۆڕن، من بە ڕۆژئاواییەکان ناڵێم پێویستە واز لە بەهاکانی خۆیان بێنن، بەپێچەوانەوە، پێیان دەڵێم پێویستە لە مامەڵەکردنیاندا لەگەڵ ئەوانیدیکە ڕێز لە بەهاکانی خۆیان بگرن. ئینگلتەرا لە هندستان هەمان ئینگلتەرەی ناو ئینگلتەرا نییە. ئینگلیزەکان لە وڵاتەکەی خۆیاندا دیموکراتیین و خاوەنی ئازادییەکانن، بەڵام کاتێ ڕۆیشتن بۆ هندستان، لە هندستان دیموکراتی و ئازادییەکان نەمان، فەڕەنسا لە جەزائیر هەمان فەڕەنسای ناو فەرەنسا نییە. فەڕەنسا لە فەڕەنسا عەلمانییەو ئازادەو گەلێ بەهای دیکەیە، بەڵام لە جەزائیر بەشێوەیەکی دیکە هەڵسوکەوتی کرد.

وەلێ بۆ ئەوەی قسەکان تەنها تایبەت نەبێت بە ڕابردوو با قسە لە ئێستا بکەین، تەماشاکە ئەمریکا لەناو ئەمریکادا چۆن هەڵسوکەوت دەکات و لە عێراقدا چۆن هەڵسوکەوت دەکات! ڕەنگە باشترین ئاماژە بۆ ئەوە زیندانی گوانتانامۆ بێت. ئەمریکییەکان لە میانەی دروستکردنی گوانتانامۆ لەسەر دورگەیەکی کوبا، دەیانەوێت بڵێن هەندێ هەڵسوکەوت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ڕێگەپێنەدراوە، بەڵام ئەوان ڕێگە بە خۆیان دەدەن لە دەرەوەی ئەمریکا پیادەی بکەن. ئەمە دانپیانانێکی ڕوون و ئاشکرایە بەوەی لە شوێنێکدا هەڵەیەک هەیە. ڕۆژئاوا گەر ڕێزی بەهاکانی خۆی دەگرێت، ئەوا لەسەریەتی لە هەموو شوێنێکدا ڕێزی بگرێت، گەر نا ئەوا کێشەیەک هەیەو پێویستە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە.

*ئەمەیە وادەکات تۆ جەخت لەسەر ئەوە بکەیتەوە کە پێیدەڵێیت (شەرعیەتی ئەخلاقی)و هۆشداری ئەوە دەدەیت مرۆڤایەتی لە حاڵەتی گەمارۆداندا دەمێنێتەوە، ئەگەر بێت و ئەمریکا کە بووەتە دەسەڵاتێکی جیهانیی، نەتوانێت لە ڕێگەی شەرعییەتی ئەخلاقیی خۆیەوە قەناعەت بە جیهان نەکات.

– زۆر ڕاستە. ئەمریکییەکان ڕۆڵێکی هێجگار گرنگ لە جیهاندا دەگێڕن، بۆ ڕێگەدان بەم ڕۆڵە دوو مەسەلە پێویستە: یەکەمیان ئەوەیە هەر هەموومان، ئەمریکییەکان و غەیری ئەمریکییەکان هەستین بە هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەمریکا، بەڵام شتی وا ڕوونادات. تەنها لە سەدا پێنجی دانیشتوانی گۆی زەوی ئەم سەرۆکە هەڵدەبژێرن و ئەوانیدیکە بەم هەڵبژاردنە ڕازیدەبن، هەندێجار بە پێناخۆشبوون و هەندێجاری دیکە بە گەشبینییەوە ڕازیدەبن. لەبەر ئەوە تاقە ڕێگە لەبەردەم ئەمریکادا بۆ ئەوەی لە جیهاندا شەرعییەتێکی ئەخلاقیی هەبێت، ئەوەیە سیاسەت و ئەجێنداکانی ڕەزامەندی و ڕازیبوونی جیهان بەدەستبێنێت. نمونە بۆ ئەوە، سیاسەتی ئەمریکایە سەبارەت بە کەش و ئاووهەوا، ڕەنگە ئەو سیاسەتەی لەگەڵ سیاسەتی ئەو خۆشگوزەرانییەی بۆ ئەمریکییەکانی دابینکردووە بگونجێت، بەڵام هەرگیز لەگەڵ سیاسەتی جیهان و بەرژەوەندییەکانی ژینگەدا ناگونجێت، بۆ مەسەلەی لەسێدارەدانیش هەر وایە، ئەمریکییەکان سوورن لەسەر مانەوەی ئەم سزایە، ئەمە لەکاتێکدایە لە بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهان ئەو سزایە لابراوەو لە هەندێ وڵاتانی

دیکەشدا ئاراستەیەکی بەهێز هەیە بۆ لابردنی.

یاسا نێودەوڵەتییەکان ڕێگە بە ئەشکەنجەدان نادات، کەچی ئەمریکییەکان کاتێ دەبینن ئەشکەنجەدان لە بەرژەوەندی خۆیاندایە ئەوا پەنای بۆ دەبەن. ئالەم حاڵەتانەداو لە حاڵەتگەلێکی دیکەدا، کوا سەرکردایەتی مەعنەوی کە هێزی خۆی لە شەرعییەتێکی ئەخلاقییەوە وەرگرتبێت؟ تەنها هێزی سەربازیی بەس نییە بۆ شەرعییەتدان، ئەوەمان بە ڕوونو ئاشکرایی لە عێراقدا بینی. مەزنی ئەمریکا لەکوێدا دەردەکەوێت؟ لە زانکۆکانیو لە بەهاکانیدا دەردەکەوێت. لێرەوە ئەمریکا یا ئەوەتا لە میانەی بەهاکانییەوە مامەڵە لەگەڵ جیهاندا دەکات، لەم حاڵەتەدا پێگەیەکی گەورەی دەبێت، یاخود لەڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە مامەڵە لەگەڵ جیهاندا دەکات، سنوری بەکارهێنانی هێزمان لە عێراقو لە شوێنانی دیکە بینی.

*لە کتێبەکەتدا بەجۆرێکی فراوان باس لە جیهانی عەرەبیی دەکەیتو زۆر ڕەشبینانە تەماشای دەکەیتو دەڵێیت جیهانی عەرەبی تابێت زیاترو زیاتر ڕۆدەچێتە ناو بیرێکی مێژوویيو دەخنکێت، بەشێوەیەک کە ناتوانێت بێتە سەرەوەی ئەو بیرە، جیهانی عەرەبیی لە خراپترین بارودۆخو حاڵەتدا دەژیو ڕقی لەخۆیو لە تەواوی جیهانە، جیهانی عەرەبیی لە قەیرانێکی مێژوویيدایە..ئایا تروسکایی هیوایەک بەدیناکەیت؟.

- ئەوەی لەم کتێبەدا سەبارەت بە جیهانی عەرەبیی نووسیومە لەوانەیە بەلای ڕۆژئاواییەکانەوە سەیربێت، بەڵام لەلای هیچ کەسێک لە جیهانی عەرەبیدا سەیر نییە. ئەوەی لە کتێبەکەمدا وتوومە لە هەموو دانیشتنەکانماندا، لە هەموو چاوپێکەوتنەکانماندا دەیڵێینەوە. هەر هێندەی کەوتینە قسەکردن دەربارەی جیهانی عەرەبی، زۆری پێناچێت دەستدەکەین بە گریان.

*ئەمە کولتووری نائومێدییە- یقافە الیاس؟

-بەڵێ ئەمە بەڕاستی کولتووری نائومێدییە، ئێمە بەردەوام گورز دوای گورزمان بەردەکەوێت، پێنج ساڵە تەماشای ئەوەدەکەم مەسەلەکان لە عێراقدا بەکوێ گەیشتووەو دەگریم، بەلای منەوە عێراق بریتییە لە شارستانییەتێکی کۆنو شارستانییەتێکی تازە. عێراقی کتێب، عێراقی مۆسیقا، عێراقی هونەر، عێراقی فیکر، عێراقی خوێنەر. سێ بەشی دەزگاکانی چاپوبڵاوکردنەوەی عەرەبی بۆ خوێنەرە عێراقییەکان بەرهەم بڵاودەکەنەوە! تەماشاکە چی لە سوداندا دەگوزەرێ، پێشتر سودان ژیانێکی دیموکراتی دەژیاو ڕاگەیاندن ئازادییەکی زۆری هەبوو، ژیانی سیاسیو فرە حیزبی لە ئارادابوو. تەماشای لوبنان بکە، ئایا بارودۆخی ئەمڕۆی لوبنان باشەو بەو جۆرەیە کە هیوامان بۆ دەخواست؟ پێویست بوو دەخلی تاکێکی لوبنانی لە مرۆدا دەیانجار لەو دەخلەی زیاتربێت کە هەنووکە هەیەتی!

*پرسیارگەلێکی گەورەو خۆسەپێن هەیە کە پێویستە جیهانی عەرەبی لە خۆی بکات، لەوانە ئەو جەنگە چییە کە جیهانی عەرەبی بەڕێوەی دەبات؟ ئەو بەهایە چییە کە بەرگری لێدەکات؟ چ مانایەک بە موعتەقەداتەکانی دەدات؟ چی پێشکەشی خۆمانو ئەوانیدیکە دەکەین؟ دەتوانین چ سوودێک پێشکەش بەوانیدیکە بکەین؟ ئایا جگە لە بێهودەیی خۆکوشتن شتێکی دیکە هەیە هەنگاوەکانمان پێ هەڵگرێت؟ ئەوەش خراپترین جۆری کوفرە؟

-دەربارەی عێراق قسەمانکردو ڕەخنەی زۆرم لێگرت، تاکو ئێستاش ڕەخنە لە هەڵسوکەوتی ئەمریکییەکان دەگرم کە بووەتە هۆی وێرانکردنی وڵاتەکە، هەڵسوکەوتی ئەمریکییەکان ئەوەی ئاشکرا کرد کە ئەمریکییەکان تەنانەت ڕێزی ئەو بەهایانەش ناگرن کە بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەوە چییە پاساو بە کەسێک دەدات خۆیو ئۆتۆمۆبێلەکەی لە بازاڕێکی قەرەباڵغدا بتەقێنێتەوە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵە خەڵکێکی لە تایفەیەکی دیکە تێدایە هاتوونەتە بازاڕ تاکو کەلوپەل بۆ خێزانەکانیان بکڕن. ئەمریکییەکان ناتوانن ناچارت بکەن کارێکی

لەو شێوەیە بکەیت. کەواتە ناتەواوییەک لە خۆماندا هەیە وامانلێدەکات لەگەڵ یەکتر بەشەڕبێین‌و یەکتر سەربڕین.

پارەیەکی زۆر ڕژاوەتە جیهانی عەرەبییەوە، چیمان پێکردووە؟ ئایا تاقیگەو زانکۆمان پێ دروستکردووە؟ ئایا ئایندەی ئەو نەوە تازەیەمان زامنکردووە کە لە وڵاتانی جیهاندا ونبوون‌و لە پشتی دەریاکانەوە بەشوێن دوارۆژی خۆیاندا دەگەڕێن؟ کێ لە بەجێهێنانی ئەوانەدا ڕێگەی لێگرتووین؟ ڕەخنە لەوانیدیکە دەگرین، ڕەخنە لە ڕۆژئاوا دەگرین، ڕەخنە لە ئیمپریالیزم دەگرین، ڕەخنە لە ئیسرائیل دەگرین، بەڵام ئەمە بەرپرسیارەتی خۆمان ڕەتناکاتەوە، کێ ڕێگەی ئەوەی لێگرتووین سیستمێکی دیموکراتی دامەزرێنین؟ بۆچی لە هەموو جیهانی عەرەبیدا، هەڵبژاردنێکی ئازادو دیموکراتی تەندروست ڕوونادات؟ تەنها لە یەک دوو وڵاتدا نەبێت؟ بۆچی؟ ئەو پاساوە چییە کە لێناگەڕێت ئازادییەکان فەراهەمبکرێن؟ ئەو بەهانەیە چییە کە نایەڵێت پارەی زۆری نەوت‌و شتی دیکەش لە دروستکردنی زانکۆو بونیادنانی مرۆڤ‌و دروستکردنی پیشەسازی‌و دروستکردنی ئایندەدا بەکاربهێنرێت؟ پێش پێنج دەیە لەمەوبەر دەخلی تاکێک لە سودان هێندەی دەخلی تاکێک بوو لە کۆریا، لەمڕۆکەدا چۆن‌و بە چ شێوەیەک ئەو جیاوازییە گەورەیەی نێوان دەخلی تاکی ئەو دوو وڵاتە لێکبدرێتەوە، ئەم پاشەکشێیەی ئاستی ژیانی نێوان خەڵکی چۆن‌و بەچی لێکبدرێتەوە؟

*بیرمەندی ئەوروپی "دۆمینیک مۆزای" لە کتێبەکەیدا (جوگرافیای سیاسی بۆ هەڵچوون) بەشێوەیەکی بەرفراوان باس لە بڵاوبوونەوەی ئەوەی ناوی لێدەنێت: (کولتووری ڕیسوایی- ثقافە الذل) لە جیهانی عەرەبیدا دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تروسکایی هیوایەک لە هەندێ وڵاتانی کەنداوی عەرەبیدا دەبینێت، ئەوانەیان هەوڵدەدەن بێنە ناو سەردەمەوەو وەک دەڵێت (کولتووری ئومێد) بڵاودەکەنەوە، ئایا تەبایت لەگەڵ ئەم بیروڕایەیدا؟

– هیچ ڕووناکییەک نابینم بەدروستی هیوام پێببەخشێ. بەردەوام دەبم لە توێژینەوە، هیوادارم ڕۆژگارێک بێت مرۆڤ لە جیهانی عەربیدا بتوانێت بژی، بتوانێت قسەبکات‌و دەنگی بەرزبکاتەوەو وەک هاوڵاتییەک هەڵسوکەوت بکات بەبێ ترس یان تۆقاندن، هیوادارم زەمەنێک بێت مرۆڤ بتوانێت منداڵەکانی خۆی گەورەبکات‌و پێیان بڵێت دەیەوێت لە وڵاتەکەی خۆیاندا بژین، چونکە وڵاتەکەیان ئایندەیانی زامن کردووەو چیتر پێویست ناکات بۆ گەڕان بەشوێن زانکۆو زانستدا سەفەر بۆ ئەوروپاو ئەمریکا بکەن. هیوادارم ڕۆژگارێک بێت بتوانین تێیدا شانازی بە دەستکەوتەکانمان لەم پیشەسازی یاخود لەوی دیکەدا بکەین. هەموو ئەو بنەمایانەمان هەبێت کە پێشماندەخات‌و هیچ پلپو بیانویەکمان نەمێنن. گەر ئەم قسانەی دەیلێم بێتە هۆی ئەوەی بەڕێژەی لە هەزارا یەک جووڵە دروستبکات، ئەوا وایدادەنێم من شتێکم بەرهەمهێناوە.

*لە کتێبەکەتدا (شوناسە بکوژەکان-١٩٩٨) قسەوباس لەمەسەلەیەک دەکەیت کە پێتوایە مەسەلەیەکی سەنتراڵە، ئەویش مەسەلەی شوناسەو لەو بڕوایەدایت مرۆڤ لە کۆتاییدا دەرئەنجامی کۆمەڵێ شوناسە. لە کتێبی (ناتەواوییەکانی جیهان) یشدا دەگەڕێیتەوە بۆ هەمان مەسەلەی شوناس‌و دەڵێی وڵاتانی عەرەبی-ئیسلامیی لە هەموو وڵاتانی دیکە زیاتر بەدەست ئەوەوە دەناڵێنن کە پێیدەڵێت وەرچەرخان لە ئایدۆلۆژیاوە بۆ شوناس وەک فاکتەرێک بۆ جیاکردنەوەی نێوان خەڵکیی لەگەڵ یەک.

– تاکو ساتەوەختی هەرەسهێنانی دیواری بەرلین، مشتومڕەکان لە جیهاندا بەشێوەیەکی گشتی سەبارەت بە کۆمۆنیست بوو: یا ئەوەتا لەگەڵ کۆمۆنیست بوویت یان دژی بوویت، یا ئەوەتا لەگەڵ مارکسییەتی یان لەدژیت، لەو سەردەمەدا ئەوە بارودۆخی فیکر بوو لە جیهاندا. دوای هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەت، ئەو مشتومڕە بایەخ‌و گرنگی خۆی

لەدەستداو هیچ مشتومڕێکی دیکە شوێنی نەگرتەوە. بە شێوەیەکی عەمەلی زۆربەی زۆری ئەوانەی لەو مشتومڕانەدا بەشداربوون، پێیان وابوو ئەو هەموو مشتومڕو گفتوگۆیانە هیچ پاساوێکی بۆ نییەو ئەوەی بەشێوەیەکی پراکتیکی گرنگە ئینتیمایە. ئەمەش لە هەموو شوێنێکی جیهاندا ڕاستە. لەمڕۆکەدا پاشەکشەیەک لەسەر ئاستی مشتومڕی فیکریی هەیە، جاران مشتومڕەکانی جیهان سەبارەت بە سیستەمە کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسییەکان بوو، هەندێجار ئەم مشتومڕانە مۆرکێکی توندیان بەخۆیانەوە دەبینیو هەندێجاری دیکە مۆرکێکی ئاشتیانەیان بەخۆیانەوە دەبینی. وەلێ ئەم مشتومڕانە هەر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوەو تاڕادەیەک بە درێژایی سەدەی بیستەم لەئارادابووە، مشتومڕەکان دەربارەی سۆشیالیزمو سەرمایەداریی بوو، بەڵام هەنووکە ئەم مشتومڕانە نەماون.

ئەی چ شتێک شوێنی گرتەوە؟ مشتومڕی نێوان ئایدۆلۆژیاکان شوێنی نەگرتەوە، چونکە ئایدۆلۆژیاکان بۆ خۆیان هەرەسیانهێناو بایەخدانەکان ڕوویان لە مەسەلەی ئینتیما کرد، ئەم مەسەلەیە تەنها تایبەت نەبوو بە تاکە کەسەکان، بەڵکو دەوڵەتەکانیشی گرتەوە. یەکێتی سۆڤیەتی جاران بانگەشەی سۆشیالیزمی دەکرد، کەچی ئێستا ڕوسیا خۆی بە دەوڵەتێکی ئەرسەدۆکسی دادەنێت، ئینتیمای ئایینی کە لە هەموو ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا بایەخی زیاتر پێدرا، تەحەمولی هیچ مشتومڕێک ناکات. بۆ نمونە ناتوانیت داوا لە کەسێکی پرۆتستانتیو کەسێکی ئەرسەدۆکسی بکەیت پێکەوە گفتوگۆ بکەن لەسەر ئەوەی چ جۆرە کۆمەڵگەیەکیان دەوێت. لەم حاڵەتانەدا مشتومڕو گفتوگۆکردن مەحاڵە. جەختکردنەوە لەسەر ئینتیمای ئایینی تابێت لە هەموو کۆمەڵگەکاندا زیاترو زیاتر دەبێت. وایلێهاتووە خەڵکیی بەشێوەیەکی نەخۆش پابەندی ئەم ئینتیما ئاینییانە بوون. لێرەوە پێکەوە ژیانی نێوان خەڵکیی بە ئاشتیو تەبایی زەحمەت بووە. ئەمەیە وامانلێدەکات بڵێین کۆتایی هاتنی ململانێ ئایدۆلۆژییەکان بەشێوەیەکی پراکتیکی بووە هۆی هەڵکشانی ئینتیماکان.

*گەرچی شوناس ئەم ڕۆڵەی هەیە، ئایا پێتوانییە شوناس، ئەویش بۆ خۆی بەشێوەیەک لە شێوەکان بگۆڕێت بۆ ئایدۆلۆژیا؟

– شوناس بە شێوەیەک لە شێوەکان ئایدۆلۆژیایە، بەڵام جیاوازی سەرەکی لەنێوان ئینتیمای ئایینیو ئایدۆلۆژیادا بریتییە لەوەی تۆ ئەم ئایدۆلۆژیا یاخودی ئەوی دیکەیان هەڵدەبژێریت، ئەمە لە کاتێکدایە شوناسە ئاینییەکەت یان شوناسە مەزهەبییەکەت لەگەڵتدا لەدایکدەبێت. تۆ ئەم شوناسەیان هەڵنابژێریت، بەڵکو تەنها شێوازی پراکتیککردنیو چۆنیەتی مامەڵەکردنت لەگەڵیدا هەڵدەبژێریت.

*ئەم قسانە بۆ ئەوەمان دەبات باس لە بابەتێکی دیکە بکەین، ئەویش تایفەگەری سیاسییە، تۆ دەڵێیت: (تایفەگەری ڕەتکردنەوەی فیکرەی هاوڵاتیبوونەو ناکرێ سیستمێکی سیاسی شارستانی لەسەر ئەو بنەمایە دامەزرێتو سیستمی پشکپشکانێ وادەکات نەتەوە ببێت بە کۆمەڵێ تیرەی ناکۆک بەیەک. ئەمەیە ئێستا لە لوبناندا ڕوودەدا).

– ماوەیەکی زۆرە ئەمە لە لوبناندا ڕوودەدات. سەیرەکە لەوەدایە ئەوەی لەوێ ڕوودەدات پەلی هاویشتووە بۆ ناوچەی دیکە کە پێمانوابوو ئەو ناوچانە لە مەسەلەی تایفەگەرییەوە دوورن. لە دوای لوبنان بینیمان چی لە عێراقو یۆگسلافیاو جێگای دیکە ڕوویدا، پێیانوابوو تایفەگەری جۆرێکە لە چارەسەر، لەکاتێکدا تایفەگەری خودی کێشەکەیە، من دوای ئەوەی بۆ ماوەی چەندین ساڵی دووروودرێژ لە کۆمەڵگەیەکی فرەییدا ژیاوم، ئەو فیکرەیەم لا دروست بووە کە پێویستە بەشێوەیەکی ناوەکی نەک بە ئاشکرا ڕەچاوی هەستیاری گروپە جیاوازەکان بکرێت. کاتێ کۆمەڵگەیەک لە چەندین هەستیاری جیاواز پێکدێت، من لێرەدا تەنها قسە لە لوبنان ناکەم بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی قسە دەکەم، باشترین چارەسەر ئەوەیە کۆمەڵگە ئاگاداری ئەو

جیاوازییانە بێتو دەرک بە ماناکانو هەستیارییەکانی بکاتو بڕیارەکانی لەسەر ئەو بنەمایە دەربکات. بۆ نمونە کاتێ لە وڵاتێکی فرەییدا حکومەت پێکدەهێنرێت، پێویست ناکات تایفەو مەزهەبی ئەندامانی حکومەت ڕابگەیەنرێت، بەڵکو پێویستە بۆ هەڵبژاردنی وەزیرەکان مەسەلەی شارەزاییو لێهاتویی پێوەربێتو هەستیاریی ئاینیی کە کۆمەڵگەکەی لێ دروست بووە لەبەرچاو بگیرێت. جیاوازییەکە چییە؟ جیاوازییەکە تەنها جیاوازییەکی ڕووکەش نییە، کاتێ  لەبەرچاوگرتنەکە بەشێوەیەکی ناوەکی دەبێتو بە شێوەی دابەشکردنی پشکەکان نابێت، ئەو کات هەموو گروپەکان هەست بە ئاسودەیی دەکەن، لێرەوە هەمووان واهەستدەکەن لە بەڕێوەبردنی حکومەتو کارگێڕیو سەرجەم کەرتەکانی دیکەی کۆمەڵگەدا بەشدارن.... هتد

ئەمە وادەکات هاوڵاتی هەست بەوەبکات کە پێگەیەکی لە کۆمەڵگەدا هەیە، وەلێ مەسەلەی پێخستنەناو دابەشکردنی پشکەکان، ئەوا چوونەژوورەوەیە بۆ ناو دۆزەخ، لەو کاتەدا هەر گروپەی موزایەدە بەسەر گروپەکانی دیکەوە دەکاتو داوای پشکی گەورەتر دەکات.

**سازدانی: وەلید شمیط**

**سەرچاوە:** ڕۆژنامەی الشرق الاوسط/ ٢٠٠٩/٥/٧ ژمارە ١١١١٨

